بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ، وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٧٨) چاپی یەکەم ساڵی حەوتەم ٢٧/١/٢٠٠٨ ز (٧)ی ڕێبەندان ٢٧٠٧ کوردی (١٩)ی محرم ١٤٢٩ کۆچی


**لەم ژمارەیەدا :**

**78**


✵ **یاسای ژمارە (٣١) ساڵی ٢٠٠٧** ل١
یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

✵ **یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٠٧** ل٥
یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان-عێراق).

✵ **یاسای ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٠٧** ل٧
یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان-عێراق).

✵ **بەیانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان** ل١١
ڕاست کردنەوەی هەڵەی ماددی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ساڵی ٢٠٠٥.


نرخی (٧٥٠) دینارە


http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣١٨٤٢-)

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كــوردستان

الجريـدة الرسمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العدد (٧٨) الطبعة الاولى السنة السابعة ٢٧/ ١/٢٠٠٨م (٧) ڕێبەندان ٢٧٠٧ كـوردى (١٩) محرم ١٤٢٨ هجري

## فـي هـذا العــدد:

**قانون رقم (٣١) لسنة ٢٠٠٧** ص١٢
قانون مكافحة التدخين في إقليم كوردستان–العراق.

**قانون رقم (٣٣) لسنة ٢٠٠٧** ص١٥
قانون تكريم الپيشمەرگە(حرس إقليم كوردستان– العراق.

**قانون رقم (٣٣) لسنة ٢٠٠٧** ص١٧
قانون تكريم الپيشمەرگە(حرس إقليم كوردستان– العراق.

**بيان لمجلس الوطني كوردستان–العراق** ص٢٠
تصحيح خطأ مـادي في قــانون رئــاسة الإقــليم كــوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥.

سـعر (٧٥٠) ديـــنار

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:waqaea@yahoo.com

العنوان : اربيل بنايه وزاره العدل
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە ( ٣٨ ) ساڵی ٢٠٠٧**
**یاســـــــــای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشـــــــــان**
**لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەلاَتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٢) لە١٤ /٢٠٠٧/١١ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاســـــــــای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشـــــــــان
## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

دروستکردن یان هێنانی هەر جۆرێك لەبەروبوومی تووتن یان بازرگانی پێوەکردنیان لە هەرێم یاخود نمایشکردنیان بۆ فرۆشتن یان لە خۆگرتن بەمەبەستی فرۆشتن قەدەغەیە ئەگەر لەگەڵ نیشانە و پێوەرە نێودەوڵەتیەکان هاوجووت نەبن و ئەوەی سەرپێچی ئەمە دەکات بە غەرامەیەك حوکمدەدەرێ کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە بیست ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

نابێ منداڵ بەرهەمەکانی تووتن و پێکهاتەکانی بکێشێ یاخود پیشەی فرۆشتن و کڕینیان دەست بداتێ و هەر چی سەرپێچی بکات بە سزای سەرپێچی کردن بەپێی یاسای نەوجوانان ژمارە(٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو سزا دەدرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی تەندروستی تایبەتمەندە بە چاودێری کردنی رادەی هاوجووتی جگەرە و هەموو جۆرەکانی توتنی ناوخۆیی و هاوردە لەگەڵ ئەو مواسەفاتانەی کە لەم یاسادا دیاری کراوە و ئەو رێنماییانەی بەپێی ئەوانەوە دەردەچن، بە مەرجێك هیچ ناتەواوییەك بە حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان نەگەیەنن.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر هەر کەسێك کە جگەرە یا تووتن یا پێکهاتەکانی لە دەرەوە دێنێ بە مەبەستی فرۆشــتن یا داکردنی، مۆڵەتی ئوســووڵی لە وەزارەتی بازرگانی وەرگرێ و پەیوەســـــت بێ بەو مواســــــەفات و مەرجانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەســنیشــانی دەکات و ئەوەی لەم یاسایە دا هاتووە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** لەسەر هەر پاکەتێکی تووتن و پێکهاتەکانی یان جگەرەکان لە شوێنێکی دیار ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەنووسرێن.

١. مێژووی بەرهەمهێنانی و کۆتایی پێ هاتنی بە مانگ و ساڵ.
٢. ئاگاداریکردنەوەیەکی تەندروستی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەپێی بەرزەفتیانەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی.
٣. دەرخستنی ناوەرۆکی هەر جگەرەیەك لە قەتران و نیکۆتین لەسەر پاکەتە جگەرەکان.

**دووەم:** رەنگی نووسینی ئاگادارییەکە هەمان رەنگی نووسینی نیشانە بازرگانیەکە دەبێ.

**سێیەم:** ئاگاداری کردنەوەکە لەسەر رووی پاکەتە کە دەنووسرێ.

**چوارەم:** سەرپێچیکەری حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە بە غەرامەیەك سزا دەدرێ کە لە (سێ ملیۆن)دینار کەمتر نەبێ و لە (پێنج ملیۆن)دیناریش زیاتر نەبێ لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی ماددە گیراوەکەدا.

**ماددەی شەشەم:**

ریکلام کردن بۆ جگەرە یا تووتن یان پێکهاتەکانی لە هەموو شوێنەکان لە هەرێم ولە هەموو هۆیەکانی راگەیاندن قەدەغە دەکرێ و سەرپێچیکەر بە غەرامەیەك سزادەدرێ لە (چوارسەد هەزار)دینار کەمتر نەبێ و لە (دوو ملیۆن) دیناریش زیاتر نەبێ و ناچار دەکرێ ئەو سەرپێچییە لابیات.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر  ئەو شوێنانەی كە جگەرە یان تووتن یا پێكهاتەكانی بۆ فرۆشتن نمایش دەكەن، تابلۆ دابنێن و ئەو ئاگادار كردنەوە تەندروستیەی كە لە بڕگەی(/یەكەم/٢ی) ماددەی پێنجەمدا هاتووە بە جۆرێكی بەرچاو كە بخوێندرێتەوە لەسەر بدرێ، سەرپێچی كەریش بە غەرامەیەك سزادەدرێ كە لە پەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێ و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ و، ئەگەر سەرپێچییەكەی دووبارەش كردەوە ئەو كات كۆگاكەی بۆ ماوەی یەك مانگ دادەخرێ، ئەگەریش بۆ جاری دووەم دووبارەی كردەوە ئەو كات مۆڵەتەكەی لێ دەسەندرێتەوە.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەكەم:** جگەرە كێشان بە نێرگلەشەوە لەم شوێنە گشتیە داخراوانەی خوارەوە قەدەغە دەكرێ:

١. سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.
٢. ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق.
٣. ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.
٤. هۆیەكانی هاتوچۆی گشتی و تایبەت.
٥. قوتابخانەكان و بنكەكانی فێركردن و مەشق و زانكۆكان و نەخۆشخانەكان و بنكەی تەندروستیەكان و نۆڕینگەی پزیشكی ومزگەوت و شوێنەكانی خواپەرستی.
٦. وەزارەتەكان وفەرمانگەكانی حكومەت و دەزگا دادوەرییەكان و دەستەو دامەزراوە گشتییەكان ویانە وەرزشیەكان و بارەگای كۆمەڵەكان و شوێنە گشتییەكان و لەناو ئەسانسێر و هۆڵەكانی سینەما وشانۆ.
٧. دەزگا پیشەسازییەكان و فرۆكەخانەكان و مەڵبەندەكانی بە بازار كردنی بازرگانی.
٨. چێشتخانەو نانەواخانەو چایخانە و ئەو شوێنانەی كە چێشت یاخود خواردنەوە بە خەڵك دەدەن.
٩. وێستگەكانی بەنزین و پێدانی سووتەمەنی.

**دووەم:**سەرپێچیكەری حوكمی بڕگە(یەكەم)ی سەرەوە بە غەرامەیەك سزادەدرێ كە (دە هەزار)دینارە.

**سێیەم:**ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە شوێنی دیكە بۆ سەر ئەو شوێنانە زیاد بكات كە جگەرە كێشانیان تێدا قەدەغە كراوە.

**چوارەم:**دەشێ شوێنی تایبەتی بۆ جگەرە كێشان لەو شوێنانە تەرخان بكرێ كە لە بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەتی پیشەسازیی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی چاودێری جۆری دەخاتە سەر تووتنی خۆماڵی بۆ دڵنیابوون لە هاوجووت بوونی لەگەڵ ئەو مواسەفاتانەی كە لە دەوڵەتاندا كاریان پێ دەكرێ.

**ماددەی دەیەم:**

وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا هوشیار کردنەوەی تەندروستی بۆ قەدەغە کردنی جگەرە کێشان لە هەموو هۆیەکان بڵاودەکاتەوە.

**ماددەی یازدەم:**

دەبێ وەزیری تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی  جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دوازدەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی ٣١ی مانگی مایسی ٢٠٠٨رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان  جێبەجێ دەکرێ ولە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی
٢٧/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی
١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ کۆچی

## هۆیە  پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی هاووڵاتیان لەو مەترسییانەی کە لە ئەنجامی جگەرە کێشان تووشیان دەبێ و لە پێناوی کۆمەڵگایەکی تەندروستی بێ جگەرە کێشان و ژینگەیەکی پاك و دروست بۆ هاووڵاتیان و بە مەبەستی دانانی بەرزەفتی بۆ نەهێشتنی جگەرە کێشان و قەدەغەکردنی لە شوێنە گشتییە داخراوەکان و قەدەغەکردنی ریکلام و پڕوپاگەندە کردن بۆ تووتن و پێکهاتەکانی، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە (٤٠) ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٤) لە٢٠ /١١/٢٠٠٧ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە(زێڕەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم**: شۆڕش: شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستان کە لە ١٩٦١/٩/١١دا هەڵگیرساوە.

**دووەم**: پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم): هەر کەسێك چوبێتە ریزی شۆڕشەوە و لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بە شێوازی سیاسی و سەربازی تێکۆشابێ.

**سێیەم**: شەهید: ئەو پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم)ەیە کە لە کاتی شۆڕش ولە پێناوی دا شەهید بووە.

**چوارەم**:ڕێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەیە(زێڕەڤانی هەرێم).

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو پێشمەرگانە دەگرنەوە کە بەشدارییان لە ڕێرەوە قارمانیەکەی بارزانی لە نێوانی ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٨دا کردووە.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو کەسانە دەگرنەوە کە چوونەتە پاڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان تاوەکو ١٩٩١/٣/٥.

**ماددەی چوارەم:**

پلەو ئیمتیازاتی ویسام و نوت و مەدالیا ونیشانەو مەرجەکانی بەخشینیان بە پێشمەرگە بە یاسا دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەو ماوەیەی کە (زێرەڤانی هەرێم)لە ریزەکانی شۆرشدا بەسەری بردووە بە خزمەتێکی کردەیی بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی پلە وخانەنشینی دادەنرێ.

**ماددەی شەشەم:**

رێزلێنانی ئەو شەهیدانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی شۆرش و ئەو پێشمەرگە کەمئەندامانەی دوای ئەو مێژووەی کە لە ماددەی سێیەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە بە پێرەوێکی تایبەت جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری پێشمەرگە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوەو ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا برِیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بلاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

<u>هەولێر</u>
٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی
٢٧/کانوونی یە کەم / ٢٠٠٧ زایینی
١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ کۆچی

**- هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە -**

لەبەر گرنگی ورۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و نرخدانان بۆ ئەرك و خەباتی قارەمانییان و بۆ رێزلێنان لە قوربانی دانەکەیان و رژانی خوێنی پاکیان لە پێناوی ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان و بۆ دەستنیشان کردنی ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوییان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیار**
**ژمارە (٤١) ساڵی ٢٠٠٧**

**یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە**
**(زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٥) لە٢١ /٢٠٠٧/١١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە(٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگە
## (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)

**ماددەی یەکەم:**

پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی کەمئەندام: ئەو پێشمەرگەیە یە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی یان لە پێناویدا تووشی کەمئەندامی هەمیشەیی بووەو رێی لێدەگری خزمەتگوزارییەکەی جێبەجێ بکات.

**ماددەی دووەم:**

پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی کە تووشی کەمئەندامیەکی هەمیشەیی بووە لەم دوو بارەدا خانەنشین دەکرێ:-

یەکەم: ئەگەر پلەی پەککەوتنەکەی کەیشتە(٥٠٪)و بەرەوسەرەوە، بەپێی راپۆرتێکی پزیشکی کە لە لیژنەی پزیشکی تایبەت دەرچووبێت.

دووەم: ئەگەر یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی (لەلایەنی ئۆرگانی یان فرمانی)لە دەستدابێ جا پلەی پەککەوتنەکەی هەرچەندە بێت.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: بۆ پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی کە مئەندام مووچەیەکی خانەنشینی خەرج دەکرێ کە بە قەدەر دواموچە و دەرماڵەکانی بێت کە لەکاتی خزمەتکردنیدا وەریدەگرت، هەروەها دەرماڵەی کەمئەندامیەکەشی بەپێی پلەی پەککەوتنەکەی بۆ خەرج دەکرێ.

دووەم: پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) کە لە مەیدانی شەڕدا تووشی کەمئەندامی بووبێ وپلەی پەککەوتەییەکەی گەیشتبێتە(٥٠٪)و بەرەوسەرەوە ، پایەیەکی بەرزتری پێدەدرێ و مووچەی خانەنشینیەکەی لەسەر بنچینەی پایەی نوێی بۆ خەرج دەکرێ، لەگەڵ خەرج کردنی پاداشتی تایبەت بە رێزلێنانەکەی کە لە ئەنجامی ئەو قارەمانیەتیانەدا لە مەیدانی شەڕدا نواندوویەتی.

سێیەم: پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم)ی کە بە رێژەی(١٠٠٪)تووشی کەمئەندامی بووە لە مەیدانی شەڕدا، دوو پایەی بەرزتری پێدەدرێ و مووچەو دەرماڵە تایبەتیەکان بە رێزلێنانی سەبارەت بە نواندنی قارەمانیەتیەکانی لە مەیدانی شەڕدا بۆ خەرج دەکرێ.

چوارەم: هەموو ئەو پارانەی کە لەدوا مووچەی لە ماوەی هەژدە مانگ وەری دەگرت وەك پاداشت بۆ یەکجار بۆی خەرج دەکرێ.

پێنجەم: ئەو پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) ـە کەمئەندامەی کە برگەی (دووەم)لە ماددەی (دووەم)ی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی کەمئەندامی بە رێژەی (٥٠٪)پەنجا لەسەد هەموو مووچەکەی بۆ خەرج دەکرێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم)ی کەمئەندام کە پلەی پەککەوتنەکەی لە نێوان (٢٥٪-٤٩٪)یە، دەنێردرێ بۆ یەکێك لە یەکە جێگیرەکانی تایبەت بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان (زێرەڤانی هەرێم)یاخود بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و، ئەمەش لەسەر داوای خۆی دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێشمەرگە (زێڕەڤانی هەرێم)ی کەمئەندام کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە شەهید تۆمار دەکرێت ئەگەر کۆچی دوایی کردو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** ئەگەر لە ئەنجامی شەڕدا تووشی پەککەوتەیی بوو، ئەوا دۆسیەکەی بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان دەنێردرێ و بۆ پاشەنشینەکانی مووچەو دەرماڵەکانی خەرج دەکرێ، هەروەها دەرماڵەی تایبەت بە ئەندام لە دەست دراوانیشی پێدەدرێ هەروەك چۆن پێش کۆچی دوایی وەریدەگرت.

دووەم: ئەگەر لە کاتی خزمەتکردنی یان بە هۆیەوە تووشی پەککەوتەیی بوو، ئەوا دۆسیەکەی دەنێردرێ بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان و مووچەو دەرماڵەکانیشی بۆ پاشەنشینەکانی خەرج دەکرێن کە پێش کۆچی دوایی وەری دەگرت.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستیەکانی ژیان و هۆیەکانی حەسانەوە بە جۆرێك فەراهەم بکەن کە لەگەڵ پەککەوتنەکەی پێشمەرگە( زیرەڤانی هەرێم)دا بگونجێ.

دووەم: یەکێکی یارمەتیدەر دادەمەزرێ بۆ ئەو پێشمەرگە(زیرەڤانی هەرێم) ـە کە پەککەوتەییەکەی تەواو لە (١٠٠٪)ە و لە کاتی تووش بوونی بە نەخۆشی ئیفلیجی تەواو یا هەردوو لاقی لە سەرووی چۆکەوە یا دەستەکانی یا چاوەکانی لە دەستدابێ یاخود بەهۆی پێکانەوە تووشی نەخۆشی شیزۆفرینیابووبێ.

سێیەم: حکومەتی هەرێم بەرپرسیی چارەسەرکردنی کەمئەندام لە پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) دەگرێتە ئەستۆ، لەگەڵ شیاندنی و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ناو کۆمەڵگا.

چوارەم: مووچەی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) ی کەمئەندام بە هەمان زیادەی کە بەسەر مووچەی پێشمەرگەی بەردەوام لە خزمەتدادێ زێدە دەکرێ، لە باری هەر گۆڕانکارییەك کە لە سیستەمی مووچەکان بەپێی پلەو پایە روودەدات.

**ماددەی حەوتەم:**

پێشمەرگە( زیرەڤانی هەرێم)ی کەمئەندام ئەم ماف و ئیمتیازاتانەی خوارەوەی هەیە:.

یەکەم: چارەسەر کردنی بەخۆڕایی لە نەخۆشخانەکاندا.

دووەم: داشکاندنی نرخی پلیتی سەفەر کردن لە ناو هەرێم و دەرەوەیدا بە رێژەی (٣٠٪) و بۆ هەموو جۆری هۆیەکانی گواستنەوە.

سێیەم: لێبوردن لە قازانجی یاسایی کە دێتە سەر ئەو پێشینە(سلفە)یەی کە بۆی خەرج دەکرێت.

چوارەم: مافی فێرکردنی بە خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بۆ هاوسەرو منداڵەکانی هەیە.

پێنجەم: کارکردن لە پێناوی دابین کردنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی شیاو بۆی.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای رێزلێنانی پێشمەرگەی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەوەشێتەوە و ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێڕەوو ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنن.

**ماددەی دەیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ کوردی
٢٧/کانوونی یەکەم / ٢٠٠٧ زایینی
١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ کۆچی

**هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

بۆ ڕێزلێنان لە دەوری قارەمانیەتی و تێکۆشانی پێشمەرگە(زێرەڤانی هەرێم) کە لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە نواندوویەتی و بۆ ڕێزلێنان لە قوربانیانیان کە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان پێشکەشی کردووەو، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی لەو خەباتگێرانەدا تووشی پەککەوتەیی بووە و توانای بەردەوامبوونی لە خزمەتکردن لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەماوەو لەبەر پێویستییان بە چارەسەر کردن و شیاندن و چاودێری کردنی تایبەتی و حەسانەوە و ژیانێکی خۆش هەیە و بۆ دابین کردنی مافی خانەنشینیان، ئەم یاسایە دەچوێنرا.

**ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان-عیراق**
**به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی کاروباری ئه نجومه‌ن**

**ژماره: ٢/٣/٤**
**ڕێکه‌وتی:٢٠٠٨/١/٢**

# به‌یـــان
# ژماره (١) ساڵی ٢٠٠٨

پشت به حوکمی مادده‌ی (٨) له یاسای ژماره (٤) ی ســاڵی ١٩٩٩ ﴿ یاسای بلاْوکردنه‌وه له ڕۆژنامه‌ی ڕه‌سمی ( وه‌قایعی کوردستان ) دا ﴾، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که هه‌ڵه‌یه‌کی ماددی له مادده‌ی ( ده‌یه‌م / یه‌که‌م ) ی یاسای ژماره (١) ی ســاڵی ٢٠٠٥ ﴿ یاسای سه‌رۆکایه‌تی هه‌رێمی کوردستان–عێراقدا ﴾ ڕوویداوه و ڕاستیه‌که‌شی ئه‌مه‌یه:–

**مادده‌ی ده‌یه‌م**

یه‌که‌م : ئه‌ویاسایانه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی هه‌رێم دایانده‌نێت/سه‌رۆکی هه‌رێم له ماوه‌ی (١٠) ڕۆژدا له ڕۆژی وه‌رگرتنیه‌وه ده‌ریانده‌چوێنیٚ و ماف ئه‌وه‌شی هه‌یه ( تانه) له کۆی یاساکه یان به‌شێکی بدات و ره‌وانه‌ی ئه‌نجومه‌نی بکاته‌وه تا چاوی پێدا بخشێنێته‌وه، له‌م باره‌دا بڕیاری ئه‌نجومه‌ن بنبڕه .

بۆیه بڕیاردرا هه‌ڵه‌ی ناوبراو ڕاست بکرێته‌وه.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان-عیراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٣٨ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون مكافحة التدخين في اقليم كوردستان ـ العراق**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق فى جلسته المرقمة (٢٢) في ١٤ /٢٠٠٧/١١ قررنا إصدار:

## قانون رقم (٣١ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون مكافحة التدخين في اقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الأولى:**

يحظر صنع أو استيراد أي نوع من منتجات التبغ أو المتاجرة بها في الاقليم أو عرضها للبيع أو حيازتها بقصد البيع ما لم تكن مطابقة للمواصفات والمعايير الدولية ويعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار ولا تزيد على عشرين مليون دينار.

**المادة الثانية:**

يحظر على الحدث تدخين منتجات التبغ ومشـتقاته أو ممارسة مهنة بيعها وشــــرائها ويعاقب المخالف بعقوبة المخالفة وفق قانون الأحداث رقم ( ٧٦ ) لسنة ١٩٨٣ المعدل.

**المادة الثالثة:**

تختص وزارة الصحة بالرقابة على مدى مطابقة السجائر وكافة أنواع التبغ المحلية والمستوردة للمواصفات المبينة في هذا القانون والتعليمات التي تصدر بموجبه مع عدم الإخلال بأحكام القوانين السارية.

**المادة الرابعة:**

على كل من يزاول استيراد السجائر أو التبغ أو مشتقاته بقصد البيع أو التخزين الحصول على إجازة أصولية من وزارة التجارة مع الالتزام بالمواصفات والشروط التي تحددها وزارة الصحة والواردة في هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

**أولاً**: تثبت على كل وحدة عبوات التبغ ومشتقاته أوالسجائر في مكان ظاهر البيانات التالية:.

١-تأريخ الإنتاج و الانتهاء بالشهر والسنة.

٢- تحذير صحي باللغتين الكوردية والعربية وفق ضوابط منظمة الصحة العالمية.

٣- بيان محتويات كل سيجارة من القطران والنيكوتين على عبوات السجائر.

**ثانياً**: يكون لون كتابة التحذير بنفس لون واسم العلامة التجارية.

**ثالثاً**: يكتب التحذير على وجه العلبة.

**رابعاً**: يعاقب المخالف لأحكام الفقـرة (أولاً) أعلاه بغرامة لا تقل عن (ثلاثة ملايين) دينار ولا تزيد على (خمسة ملايين) دينار مع مصادرة المواد المضبوطة.

**المادة السادسة:**

تحظر الدعاية للسجائر أو التبغ أو مشتقاته في الاقليم في جميع الأماكن وبكافة وسائل الإعلام، ويعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (أربعمائة ألف) دينار ولا تزيد على (مليوني) دينار وإلزامه برفع المخالفة.

**المادة السابعة:**

على المحلات التي تعرض السجائر او التبغ أو مشتقاته للبيع وضع لوحات تتضمن التحذير الصحي الوارد في الفقرة (أولاً/ ٢) من المادة الخامسة بشكل بارز ومقروء ويعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن خمسين ألف دينار ولا تزيد على خمسمائة ألف دينار وفي حالة تكراره للمخالفة يتم غلق محله لمدة شهر واحد وعند تكراره للمرة الثانية تسحب الاجازة منه.

**المادة الثامنة:**

**أولاً**: يحظر التدخين بما فيها النرجيلة في الأماكن العامة المغلقة التالية:.

١- رئاسة اقليم كوردستان – العراق.

٢- المجلس الوطني لكوردستان – العراق.

٣- مجلس وزراء اقليم كوردستان – العراق.

٤- وسائل المواصلات العامة والخاصة.

٥- المدارس ومراكز التعليم والتدريب والجامعات والمستشفيات والمراكز الصحية والعيادات الطبية والمساجد ودور العبادة.

٦- الوزارات والدوائر الحكومية والقضائية والهيئات والمؤسسات العامة والأندية الرياضية ومقار الجمعيات والمحلات العامة وداخل المصاعد ودور السينما والمسارح.

٧- المنشآت الصناعية والمطارات ومراكز التسويق التجارية.

٨- المطاعم والمخابز والمقاهي والمحال التي تقدم الطعام أو الشراب للجمهور.
٩- محطات التعبئة والتزود بالوقود.

**ثانياً**: يعاقب المخالف لحكم الفقرة (أولاً) أعلاه بغرامة قدرها (عشرة آلاف)دينار.

**ثالثاً**: لمجلس الوزراء إضافة أماكن أخرى يحظر فيها التدخين.

**رابعاً**: يجوز تخصيص أماكن خاصة للتدخين، في الأماكن الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة التاسعة:**

تقوم وزارة الصناعة بالتنسيق مع وزارة الصحة باجراء الرقابة النوعية على التبوغ المحلية للتأكد من مطابقتها للمواصفات المعمول بها دولياً.

**المادة العاشرة:**

تقوم وزارة الصحة بالتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة بالتوعية الصحية لحظر التدخين بجميع الوسائل.

**المادة الحادية عشرة:**

على وزير الصحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثانية عشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من ٣١ شهر مايس ٢٠٠٨ اليوم العالمي لمكافحة التدخين وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان-العراق**

**هەولێر**
٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ كوردية
٢٧/كانون الاول / ٢٠٠٧ ميلادية.
١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ هجرية.

## الأسباب الموجبة

من أجل المصلحة العامة وحماية المواطنين من الأخطار التي يتعرض لها جراء التدخين ومن أجل مجتمع صحي خال من التدخين وبيئة نقية وصحية للمواطنين وبغية وضع ضوابط لحظر التدخين ومنعها في الأماكن العامة المغلقة وحظر الإعلان والدعاية للتبغ ومشتقاته فقد شرع هذا القانون.

بسم الله الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم (٤٠) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون تكريم الپيشمەرگـــه( حرس اقليم كوردستان ـ العراق )**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق فى جلسته المرقمة (٢٤) في ٢٠ /٢٠٠٧/١١ قررنا إصدار:

## قانون رقم (٣٣ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون تكريم الپيشمەرگـه(حرس إقليم كوردستان ـ العراق)

**المادة الأولى:**

يقصد بالمصطلحات التالية المعاني المبينة ازاءها لأغراض هذا القانون:

أولاً:الثورة: الثورة التحررية الكوردستانية التي اندلعت منذ ١٩٦١/٩/١١.

ثانياً:الپيشمەرگه (حرس الاقليم): كل من التحق بالثورة وناضل سياسياً وعسكرياً لتحقيق أهدافها.

ثالثاً:الشهيد: الپيشمەرگه (حرس الاقليم) الذي اســتشهد اثناء الثورة ومن جرائها.

رابعاً:التكريم: إعلاء نضال وكفاح الپيشمەرگه (حرس الاقليم).

**المادة الثانية:**

تسري أحكام هذا القانون على الپيشمەرگه الذين اشتركوا في المسيرة البطولية البارزانية بين عامي ١٩٤٥– ١٩٥٨.

**المادة الثالثة:**

تسري أحكام هذا القانون على الذين التحقوا بالحركة التحررية الكوردستانية لغاية ١٩٩١/٣/٥.

**المادة الرابعة:**

تحدد درجات وامتيازات الأوسمة والأنواط والمداليات والنياشين وشروط منحها للپيشمەرگه بقانون.

**المادة الخامسة:**

تعتبر الفترة التي قضاها (حرس الاقليم)في صفوف الثورة خدمة فعلية لأغراض الترفيع والتقاعد.

**المادة السادسة:**

يتم تكريم الشهداء الذين قدموا أرواحهم في سبيل الثورة و البيْشمەرگە المعوقين بعد التاريخ المحدد في المادة الثالثة من هذا القانون بنظام خاص.

**المادة السابعة:**

على وزير البيْشمەرگە إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

يلغى قانون تكريم البيْشمەرگە رقم (٩)لسنة ١٩٩٢ويحل محله هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان -العراق**

**هەولێر**
٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ كوردية
٢٧/كانون الاول / ٢٠٠٧ ميلادية.
١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ هجرية.

## الأسباب الموجبة

نظراً لأهمية ودور البيْشمەرگە في الحركة التحررية الكوردستانية وتثميناً لجهودهم ونضالهم البطولي وتقديراً لتضحياتهم ودمائهم الزكية في سبيل أهداف وتطلعات الحركة التحررية لشعب كوردستان وبغية تحديد حقوقهم وامتيازاتهم المادية والمعنوية فقد شرع هذا القانون.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة إلاقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم ( ٤١ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون تقاعد معوقي البيْشمەرگە( حرس اقليم كوردستان ـ العراق )**

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق فى جلسته المرقمة (٢٥) في ٢٠٠٧/١١/٢١ قررنا إصدار:

## قانون رقم (٣٤ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون تقاعد معوقي البيْشمەرگە(حرس اقليم كوردستان ـ العراق)

**المادة الأولى:**

البيْشمەرگە (حرس الاقليم)المعوق: هو الذي أصيب أثناء اداءه الخدمة أو جرائها بعجز دائمي يعيق اداءه الخدمة.

**المادة الثانية:**

يحال البيْشمەرگە (حرس الاقليم)المصاب بعجز دائم على التقاعد في الحالتين التاليتين:
أولاً: إذا بلغت درجة عجزه (٥٠٪)فما فوق و بموجب تقرير طبي صادر من لجنة طبية مختصة.
ثانياً: إذا فقد أحد أعضائه الظاهرية(من الجانب العضوي أو الوظيفي)مهما كانت درجة عجزه.

**المادة الثالثة:**

أولاً:يصرف للبيْشمەرگە (حرس الاقليم)المعوق راتباً تقاعدياً يساوي آخر ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات أثناء خدمته كما تصرف له مخصصات المعوق وحسب نسبة درجة عجزه.
ثانياً:يمنح البيْشمەرگە (حرس الاقليم)الذي أصيب بعوق في ساحة القتال وبلغت درجة عجزه(٥٠٪) فما فوق رتبة أعلى ويصرف راتبه التقاعدي على أساس الرتبة الجديدة مع صرف المكافآت الخاصة بتكريمه نتيجة البطولات التي خاضها في سوح القتال.
ثالثاً:يمنح البيْشمەرگە (حرس الاقليم) المصاب بعوق بنسبة (١٠٠٪)في ساحة القتال رتبتين أعلى ويصرف له الراتب والمخصصات الخاصة بتكريمه بسبب البطولات التي خاضها في سوح القتال.
رابعاً:يصرف له مجموع ما كان يتقاضاه من آخر راتب خلال ثمانية عشر شهراً كمكافأة ولمرة واحدة.

خامساً:تصرف للپێشمەرگە (حرس الاقليم)المعوق المشمول بالفقرة(ثانياً)من المادة(الثانية)من هذا القانون مخصصات المعوق بنسبة (٥٠٪)خمسين في المئة من الراتب الكلي.

**المادة الرابعة:**

يحال الپێشمەرگە (حرس الاقليم)المعوق الذي تتراوح درجة عجزه بين (٢٥٪- ٤٩٪)إلى الوحدات الثابتة الخاصة بفصائل پێشمەرگە كوردستان (حرس الاقليم) أو يعامل بموجب قانون خدمة وتقاعد الپێشمەرگە (حرس الاقليم) بناءً على طلبه.

**المادة الخامسة:**

يسجل الپێشمەرگە (حرس الاقليم) المعوق المشمول باحكام هذا القانون شهيداً في حالة وفاته وبالشكل التالي:

أولاً:إذا كان قد أصيب بعجز نتيجة إصابته أثناء المعارك فتحال إضبارته إلى وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين وتصرف لخلفه الرواتب والمخصصات وكذلك المخصصات الخاصة بفاقدي الأعضاء على غرار ما كان يتقاضاه قبل وفاته.

ثانياً:إذا كان قد أصيب بعجز أثناء الخدمة او بسببها فتحال إضبارته إلى وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين ويصرف لخلفه الراتب والمخصصات التي كان يتقاضاه قبل وفاته.

**المادة السادسة:**

أولاً:على المؤسسات ذات العلاقة توفير ضرورات الحياة وأسباب الراحة بشكل ينسجم مع عجز الپێشمەرگە (حرس الاقليم)المعوق.

ثانياً:يعين للپێشمەرگە (حرس الاقليم)ذي العجز الكامل(١٠٠٪)مُعين إذا أصيب بشلل تام أو فقد الطرفين من فوق الركبة أو فقد اليدين أو فقد العينين أو الإصابة بمرض انفصام الشخصية بسبب الإصابة.

ثالثاً:تتحمل حكومة الاقليم مسؤولية علاج المعوق من الپێشمەرگە (حرس الاقليم) وتأهيله وبذل الجهود لغرض إعادته بصورة طبيعية إلى المجتمع.

رابعاً:يزاد راتب الپێشمەرگە (حرس الاقليم) المعوق بنفس الزيادة التي تطرأ على راتب الپێشمەرگە المستمر في الخدمة في حالة أي تغير في نظام الرواتب وفقاً للدرجة والمنصب.

**المادة السابعة:**

يتمتع الپێشمەرگە (حرس الاقليم) المعوق بالحقوق والامتيازات التالية:

أولاً:العلاج مجاناً في المستشفيات.

ثانياً:تخفيض بطاقة السفر داخل الاقليم وخارجه بنسبة(٣٠٪)ولجميع أنواع وسائط النقل العامة.

ثالثاً:الإعفاء من الفائدة القانونية عن السلف التي تصرف له.

رابعاً:حق التعليم المجاني في جميع مراحل الدراسة له ولزوجته ولأولاده.

خامساً:العمل على تأمين وحدة سكنية ملائمة له.

**المادة الثامنة:**

يلغى قانون تكريم البيْشمەرگە رقم (٧)لسنة ٢٠٠٠ويحل محله هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة إصدار الإنظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان-العراق**

**هەولێر**

٦/بەفرانبار/ ٢٧٠٧ كوردية

٢٧/كانون الاول / ٢٠٠٧ ميلادية.

١٨ /ذو الحجة/ ١٤٢٨ هجرية.

## الأسباب الموجبة

تكريماً للدور البطولي والنضالي الذي خاضه البيْشمەرگە (حرس الاقليم) منذ اندلاع الثورة التحررية الكوردستانية وتكريماً للتضحيات التي قدمها لتحقيق أهداف شعب كوردستان، وبما أن من أصابه العجز من هؤلاء المناضلين قد فقدوا القدرة على الاستمرار في الخدمة في صفوف فصائل پێشمەرگە كوردستان ولحاجتهم إلى العلاج والتأهيل والرعاية الخاصة وإلى الراحة والعيش الرغيد وتأمين حقوقهم التقاعدية فقد شرع هذا القانون.

**المجلس الوطني لكوردستان-العراق**
**مديرية شؤون المجلس**

**العدد : ٢/٣/٤**
**التأريخ :٢٠٠٨/١/٢**

# بيـــــان
# رقـم ﴿١﴾ لــــسنة ٢٠٠٨

**إستناداَ الى حكم المادة (٨) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ ﴿ قانون النشر في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان ) ﴾ ولقوع خطأ مادي في ( المادة العشرة/ أولاَ ) من القانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ ( قانون إقليم كوردستان–العراق ) ندرج في ادناه نص الفقرة المذكورة بشكلها الصحيح:–**

**المادة العشرة**

**أولاَ : إصدار القوانين التي يسنها المجلس الوطني للاقليم خلال عشرة ايام من تأريخ استلامها و له حق الاعتراض عليها كلياَ او جرئياَ و إعادتها الى المجلس لاعادة النظر فيها و يكون قرار المجلس بشأنها نهائياَ .**

**عليه قرر تصحيح الخطأ المذكور.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتير المجلس الوطني لكوردستان-العراق**